Regay Kurdistan
No: 723
Date: 10/1/2007
Concessioner : Kamal Shakir
Www. Kurdiancp.org
Editor– in– chief: Handren Ahmad
Regay_kurdistan@yahoo.com

دوالاپەڕە

گۆیی گران!

دەگێڕنەوە دوو کابرا، هەردووك گوێیان گران دەبێ، هەریەکەو بوخچەیەکی پێیەو لە چەقی ڕێگادا بەیەك دەگەن، یەکیان لەوی دیکە دەپرسێ، ئەرێدەچی بۆ حەمام، ئەویش تێناگاو بۆ خۆی دەڵێ، نەوەڵڵا دەچمە حەمام، ئەوەی یەکەم وەڵام دەداتەوە، ئێ.. ئێ وامزانی دەچی بۆ حەمام..

واپێ دەچێ لەگفتوگۆی ئەمڕۆی نێوان هاوولاتیان و ئیدارەی شارەکانی هەرێمیشدا، هەردوولا گوێیان قورس بووبێ، حکومەت دەڵێ، قەیرانەکە سەختەو پێویستە هاوولاتی دەست بە ئاوو کارەباو سوتەمەنییەوە بگرێ، خەڵکیش هەرکە کارەبا هات، بەتایبەتیش نیمچە دەوڵەمەندەکان هەرچی کەرەستەی کارەبایی و گڵۆپو گیزەرو هیتەرو سپلیت هەیە، تەنانەت لەو ژوورانەش کە بەکاری ناهێنن، هەمووی پێدەکەن، ئەوانیش ناهەقیان نییە لە ٢٤ سەعاتا ٢ سەعاتی پچڕ پچڕ کارەبا دێتە خەویان، کاتی ئاویش دوای پڕکردنی تانکی و حەوشە شوشتن بەر دەرگاو کۆڵانی پێ ئاو دەدەن، یاخود بێ وێژدانی واهەیە ئۆتۆمبێلی ٦ پستن و ٨ پستن دەکڕن کە هێندەی ئاو خواردنەوەی ٦ زەلام بەنزینی دەوێ، بۆیە وادەزانم گوێیان گران بێت و باشی تێنگەن. ئیدارەکەش لەمان باشترنییە، خەڵکی دەڵێن کرێی خانوو زۆرە نەوت نییە، پێویستمان بە کارەبایە مووچەکە بەشی هیچ ناکات، گرانیە..

کەچی وەلام دەدەنەوە وەڵا لە بەغداوە نایێرن، بڕیارمان پێ نەگەیشتووە مووچە زیاد کەین، خۆ ئێرە بەغدانییە ٦٠٪ی زیاد بکرێ، بازرگان چاوچنۆکن.. دەبێ پیاو لەم ژاوەژاوەدا هەر بڵێ هەیهوو.. هەیهوو..

بان کی مون داوای مۆڵەت دەکات

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بان کی مون ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای مۆڵەتی لە ڕۆژنامەنووسان کرد بۆ ئەوەی پەلەی لێ نەکەن بە زمانی فەرەنسی بدوێت تاکوو بە تەواوی فێری ئەم زمانە دەبێت . شایەنی باسە وڵاتی فەرەنسا داوا لە گشت ئەمینداریەکان دەکات تاکو بەفەرەنسی قسەبکەنو لە کۆنگرەکەدا بان کی مون دوای ئەوەی بە زمانی فەرەنسی پرسیارێکیان ئاراستە کرد وتی : هەستم بە بێزاری کرد کاتێك نەمتوانی بە فەرەنسی وەلام بدەمەوە، من ئیستا لە کۆرسی فێربونی زمانی فەرەنسیدام بۆیە ڕێگەم پێ بدەن بە ئینگلیزی وڵام بدەمەوە.

دواین ئەلبومی ئەردەلان بەکر خەونێ بوو

ئا : زیاد کەریم

دوای ماوەیەك بێ دەنگی هونەرمەندی دوورە وڵات (ئەردەلان بەکر) نوێترین ئەلبومی خۆی بە ناوی (خەونێ بوو) لە سەرتاسەری کوردستان و ئەوروپا لە یەك کاتدا بلاوکردەوە . ئەم سیدییە لە (٧) تراك پێکهاتووە (ئەمشەو - بۆنایەی - خەونێ بوو - بێریە بێریە - ڕۆحا من - کرماشان - ڕازاوە) هونەرمەند ئەردەلان لەم ئەلبومە تازەیەیدا لە ڕووی میلۆدییەوە پشتی بە ئاوازەکانی خۆی و فۆلکلۆر و چەند ئاوازدانەرێك بەستووە . هەرچی تێکستە شیعرییەکانیشە جگە لە گورانی (ڕۆحا من) کە تێکستو میلۆدی (نەوشیروان بەکرە) ، سەرجەم گورانییەکانی تێکستی شاعیر (جەبار حەبیبە)و دابەش کردنی سەرجەم گورانیەکانی هەریەك لە هونەرمەندان (فورات یەقبانی و دێدەن) کاریان بۆ کردوە ، شایەنی باسە میوزك ژەنانی ئەم ئەلبوومە سەرجەمیان تورکینو لە ستۆدیۆی سامان لە تورکیا تۆمار کراون ئەم بەرهەمەی هونەرمەند ئەردەلان جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەل بەرهەمەکانی پێشوویدا لە ڕووی تێکست و میلۆدی و تۆمارکردن و دیزاینەوە. هیوای سەرکەوتن بۆ هونەرمەند دەخوازین

لە دێرەلۆك کچە کوردێکی دەنگ خۆش کۆنسێرتەك پێشکێشی خەلکی وێ دەڤەرێ کر

پ / دهۆك

دەمەژمێر دووی پشتی نیڤڕۆی ڕۆژا (١٣/١/٢٠٠٧) بە ئامەدە بوونا جەماوەرەکا زۆر ستراتبێژی دەنگ خۆش (جانێ) کۆنسێرتەکا پێشکێشی ئامەدە بووان کر لە هۆلا ژیان لە دێرەلوکێ جهێ ئاماژە پێدانە کو بیژین ئەڤ کۆنسێرتە لە ژێر چاڤدێریا ڕێڤەبەرێ ناحیەی دێرەلوکێ بوو وەك نوێنەری بەرێز (تەمەر رەمەزان) ئەڤ ئاهەنگا بووە جهێ خۆشحالیا ئامەدەبووان و دەمژمێر پێنجی ئێڤارێ دوماهی پێهات.

کۆمپانیایی تویتاو داهێنانێکی نوێ

لە داهینانێکی نوێدا کۆمپانیای تویتای یابانی ڕایگەیاند کە بەنیازە بۆ ساڵی (٢٠٠٩)جۆرێکی ئۆتۆمبێل بێنێتە بازارەوە بەشێوەیەکیوا ڕێگە نادات شوفێری سەرخۆش لێی بخورێت، ئەمەش لە ڕێگای دانانی ئامێرێکی هەستیار لە ناو ستێرنەکە کە ڕێژەی مەی لەناو لەشی شوفێرەکە دیاری دەکاتو ئۆتۆمبێلەکە بەگەر ناکەوێت، هەروەها دانانی ئامێرێکی دیکەی چاودێری چاوو جوولەی شوفێرەکە دەکات ئەگەر دەرکەوت سەرخۆشە ئەوە هێدی هێدی ئۆتۆمبێلەکە خێرایی کەم دەبێتەوە تا بە تەواوی ڕادەوستێت .

شایەنی باسە ئەم داهێنانە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی سەرخۆشیی شۆفێر ئەنجام دراوەو بەپێی ئامارێك تەنها لە ساڵی ٢٠٠٥ چواردە هەزار ڕووداوی ئۆتۆمبێل بە هۆی سەرخۆشی شوفێرەکانیان گیان لە دەست داوە کەژمارەیاندەگاتە ٧٠٧ کەس.

ئاگاداری

لەم ڕۆژانەدا کتێبی (المسیرە)ی هاوڕێ کریم ئەحمەد بلاوکرایەوە . لە ناو کتێبەکەدا هەندێ نوسخەی چەند لاپەرەیەکی چاپ نەکراوە . تکایە ئەوەی ئەو نوسخانەی بەرکەوتووە بیگەڕێنێتەوە بارەگای کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حزبی شیوعی کوردستان لەگەڵ ئەدرێسی تەواوی خۆی تاکو چارسەر بکرێت

المسیرة



بیروهزری نیشتمانی ڕزگاری وای کرد تەیارێکی گەورە هاتنە ناو ڕیزەکانمانەوە،خەباتی شیوعیەکان لە پێشەوەی بزووتنەوەکانی نیشتمانیدا بوو بێ کێبەرکێ، ئێمەی (سەربەحزبی شیوعی) ئامادەی هەموو شتێك بووین جگەلە ملکەچکردن بۆ ئمپریالیزم و ڕەجعییەت، لە پێناوی چوونە ناو خەبات و تێکۆشانەوە بەهەموو شێوەکانیو زیاتر مکوڕ بووینو ڕۆحیەتی پێشڕەویانەی سەرکردە بەراییەکانی حزبی شیوعی عێراقو قوربانیدانیان و خۆنەویستیان وایکرد تاهەتایە حزبی شیوعی بەرگی خۆبەختکردنو شەهیدبوون بەبالایدا بڕدڕێ، کە لە هەموو پێگەیەکی جیهانی هاو چەرخدا وێنەی کەمە، حزبی شەهیدان، تاوەکو ئێستاش وتەکانی هاوڕێ فەهد لە گوێمداو لە گوێی هەموو شیوعیەکی عێراقداو لەپێش ئەوانیشەوە دوژمنانی حزبی شیوعی ئەزرنگێتەوە، کاتێ کەدوا هەنگاوی بەرەو پەتی سێدارە دەنا وتی: (شیوعیەکان لەمردن بە هێزترنو لە سێدارە بەرزترن) کاروانی خەبات لە ڕێگای ئەوانەی بوون بە قوربانیی نیشتمانو میللەتەکەیان بەردەوامە.